# دوو شەق بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، و وەلام بە هاوری سامان کەریم

**رابەر سەعید**
Rabar_saaid@yahoo.com

## بەشی یەکەم

ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بەم جیگایە گەیاند و جەناحیکی تازەی لیکەوتەوە، اختلافات لەسەر سوونەت و بەرخۆرد بە سوونەت نییە، وە قەتعەن لەسەر ژیر پیخستنی موازنی تەشکیلاتیش نیە کە بەشیکی زۆر خەریکن بەو باسە پیشتیوانی و خۆیان لە لە جەناحی تازە دەردەبرن، کە گوایە خەدری تەشکیلاتیان لیکراوە و بەناچاری دەرپەریندراون، بە دەرپەراندنی ئەوانیش وەحدەی حیزب گوایە بە بن بەست گەیشتبیت و سەنەتەکانی کۆمۆنیستی کریکاریی لە ناو حیزبدا لە دەسچووبیت. ئەوەی کە حیزبی بەم جیگایە گەیاند اختلافاتی سیاس و نەزەریە لەسەر چەند خالی ئەساسی. ئەو خالانەی کە نەک هەویتەی خەتی کۆمۆنیستی پیدەناسریتەوە، بەلکو سیاسەتی حیزبیکیشی لە کۆمەلگادا پیهەلدەسەنگیندریت و هەر لەسەر ئەوخالانەشەوە دەتوانیت بزانیت ئەو حیزبە لە کام لایی کۆمەلگادا جیگای هەیە و خەریکە کام سیاستی راست یا چەپ لە کۆمالگا نوینەرایتی دەکات بۆ قودرەتی سیاسی. باسی قودرەتی سیاسی ئەو باسەیە کە هەردوولا بە نەزەراتی تازەوە و سیاسەتی تازەوە واردی کیشەیەکی تازە دەبن لە بە دەستەوەگرتنی سوکانی حیزب و کێشانی حیزب بەدوای سیاستی خۆیاندا.

*قودرەتی سیاسی* و بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن کومونیستەکان و دامەزرانی جمهوری سوسیالیستی، بە گورانی کابینەی دەولەت و بە تشکیلی دەولەتی هاوبەشی بورژوازی و کریکاریی و بە تەشکیلی (مەجلیسی موئەسەسان) نەک عەمەلی نییە، بەلکو ئەفسانەیەکیشە کەتەنها خەویکی قول لە پشتی سەریەوە دەگوزەریت. ئەوەی کە لە دنیای واقیعیدا کۆمۆنیستەکان بە قوردرەت دەگەیەنیت و بەرقەراری جمهوری سوسیالیستی بەعەمەلی دەگەیەنێت تەنها گوزەراندنی شورشە. جمهوری سوسیالیستی دەبیت شورش لەپشتیەوە بیت. (مەجلیسی موئەسەسان) لە پشتی دەولەتی بورژوازیەوەیە، لە پیشتیەوە نەک سستەمی ئابووری تەکانی نەخواردوە، بەلکو دامودەزگایی پۆلیسی و نزامیش لەجیگای خۆیدا دەمینیت و خودی دەولەتی بورژوازی سەرپەرشتیاری مەجلیسیشە. هەرکەسیک کە دەولەت و شورشی لینین و دەولەت لە سەردەمەکانی شورشی مەنسور حیکمەت بخۆیندبیتەوە دەتوانیت باشتر قەزاوەت لەسەر ئەوەبکات. وە زیاتر تەشخیسی بدات کە مانای دەولەتی ناموتعارف لەسەردەمی شورش و ئالوگۆری دەسەلاتی سیاسی مفهومیکی چینایەتی هەیە نەک حیزبی. وەک دەولەتی چینایتی و بەرژەوەندی چینایەتی تعقیب و تەشخیس دەکریت نەک جیگاو بەرنامە و پلاتفۆرمی حیزبی بە قودرەت گەشتوو. چەمک و مفهومی و لیکدانەوەی دەولەتی حیزبی تیز و سیاسەتی ستالینیستییە، بۆ متعارف کردنی دەولەت. بەو مانایە دەولەتی کریکاریی وسۆسیالیستی هەرگیز ناتوانیت موتعارف بێت، چوونکە دەولەتی چینی کریکار و وەسیلە و ابزاری چینی کریکارە لە گواستنەوەی دەورانێکی شورشگیرانە. دەولەتی بەرژەوەندی چینی کریکار و سۆسیالیستی ناتوانیت متعارف و مستەقربییت تا گۆرانی بنەرەتی لە سستەمی ئابووری و بە سۆسیالیزم کردنی کۆمەلگا بەدینی نەیت.ئەویش بە سۆسیالیستی کردنی کۆمەلگا و تەئمینی کۆمەلگای کۆمۆنیستی دەولەت نەک متعارف نابیت لەو پرۆسەیەدا بەلکو بەروو زوال و پوکانەوە دەروات. متعارف کردن و سەقامگیر بوونی دەولەت جا هەردەولەتیکیان بیت شوورایی یان حیزبی، ریک بە پیچەوانەی نەزەری هاوری سامانەوەیە، ئەوە نیشانەی شکستی چینی کریکار و سۆسیالیستە و بەلانی زۆری دەسکەوتەکانیش لە سەرمایەداریەکی دەولەتی یان سەرمایەداریەکی مودیرن تێناپەرێت، وەک ئەوەی لە سەرەتای سالانی 20 بیستەوە لە رووسیەدا دەولەت بەرەوو متعارف بوون و چەسپان دەرۆیشت و سۆسیالیزم و شۆرشی کریکاریی بەرەوو تیکشکاندن. هاوری سامان کەریم لەو خالەشدا دروست نە مخالیفی نەزەری حەمید تەقوایی یە، بەلو هاوبەشن لەو بۆچوونەدا کە بە دەستەوە گرتنی قودرەت استقراری جمهوری سۆسیالیستی (دەولەتی سۆسیالیستی) بەدوادا دیت و پیویست بە شۆرش و بانگەوازی کریکاران بۆ شۆرش ناکات. لە دەزگای فکری هاوریانی تەقوایی و بەتایبەت لە باسی علی جوادی ئەو بۆچوونە رەت دەکاتەوە و پیی وایە کە تحریکی خەلک لە خوارەوە بۆ شۆرش منالانەیە و لە دژی دەولەتی خۆییە. ئەو هاوریانەش جمهوری سۆسیالیستی یان لەگەل کۆمەلگای سۆسیالیستی نەک تیکەل کردەوە، بەلکو لە دەزگای فکری ئەوانیشدا تعریفی دەولەت و جمهوری بەجیا لە چین و کۆمەلگا

لێکدەدرێتەوە و باسی ئالوگری شۆرشگیرانەی نزامیکی کۆمەلایەتی و ئابووری بە نزامیکی ئابووری و کۆمەلایەتی تر، وە بە گشتی کۆمەلگای کۆمۆنیزمی جێگای خۆی بە جمهوری دەدات لەو نەزەرەدا. جمهوری و دەولەت ناتوانێت تەعبیر لەکۆمەلگا بکات و نوینەری هەموو چینەکانی کۆمەلگا بیت. هەر چۆن جمهوری و دەولەتی بۆرژوازی ناتوانیت نۆینەری هەموو چینەکانی کۆمەلگا بیت. بۆرژوازی و سەرمایەداری مانەوەی بە دەولەت و دەسەلاتی خۆیەوەیە گریداوە و هەمیشە لە هەولی متعارف و مستقر کردنیەتی. بەلام چینی کریکار بە پیچەوانەوە قازانجی لەمانەوەی نزامی چینایەتی نییە تا بو هەتایە لە فکری متعارف و چەسپاندنی دەولەت و دەسەلات و جمهوریەکەی دابیت. دەولەت ابزار و وەسیلە بۆ تیکشکاندنی سستەمی ئابوری و دەزگا و ماشینی چینایەتی. کۆمەلگا دواین هەنگاوی سۆسیالیستی و گەشتنی خۆی بە کۆمۆنیزم لە یەکەمین فازیدا، بە زوالی دەولەت دەست پیدەکات. بە نەمانی دەولەت کۆمەلگای کۆمۆنیستی تەعریف پەیدادەکات و موتعارف دەبیت نەک بە پیچەوەانەوە.
دەولەتی سەردەمی شورشگیرانە و دەولەتی هەتا کۆمۆنیزم بوونی کۆمەلگا نەک متعارف نابیت، بەلکو شورشگیربوونی لە نا متعارفبوونی دایە. بەبروای من تیزی (لەدوای قودرەتی سیاسی، شورش رەفز کردن) تیزێکی ناکۆکە لەگەل کۆمۆنیزمی کریکاریی و لەگەل لیکدانەوەی مارکسیستی مەنسووری حیکمەت بۆ دەولەت و قودرەتی سیاسی. ئەکرێت ئەو نەزەریە بە بە ستالینیزم بناسریت، وە لە بۆچوونی کۆمۆنیستانەی مەنسوور حیکمەت جیابکریتەوە. خۆش لەوەدایە هاوری سامان کەریم بە باسی قودرەتی حیزبی و متعارفکردنی دەولەتی حیزبی هەتا ناوقەدی لە ناو باسی هاوریانی حەمید تەقوایدایە کەچی زۆر بەسادەیی و بە لیکدانەوەیەکی سادە هەردوو دەستی بە کۆرشی مودرسیەوە گرتوە. خۆش بە حالی هاوری کۆرشی مودەرسی چوونکە هاوری سامان لەو کۆمۆنیستانەیە کە نەزەر و لیکدانەوی هەرچەیک بیت، و هەرچۆن بیت پەیوەندی دیالەکتیکی پەیداناکات لەگەل پراتیکدا. بۆیە هاوری سامان لە پراتیکدا جدیە، وە بە جدیش دەستی بەو جەناحەوە گرتووە. بەلام بەجدیش باسی هاوری کورشی مودرسی باسیکە بی پایەیە لە دەزگای فکری سوسیالستیدا و ریک پەیوەندنی بە ئالوگۆری شیوەی بەریوەبردنی دەسەلاتە لە سەردەمی قەیرانی بۆرژوازیدا، دەسەلاتیک کە هەرچیەک بیت سۆسیالیست و جمهوری سۆسیالیستی نییە، هەر رێگایەک کە بیگریت بۆ قودرەت، واقیعیە، بیجگە شورش. چوونگە شۆرش لەو بۆچوونەدا جیگای نییە، بە دەلیلی ئەوەی ئالوگۆری چینایەتی لە ریگای بەیکدانی چینەکانی کۆمەل نازانیت. تازە مانای حیزبی چینایەتیش لەویدا کەوتۆتە ژیر باس و تیروانینی تازەگەری. معلومە ئەو باسە تەجروبەی تاریخی و عەمەلی لە پیشتەوەیە. کۆمۆنیستەکان لە حکومەت و مەجلیسی مەئەسەسانی کرنسکی پیش شورشی لینین لە شورەوویدا، هەرچەندە ئەو حکومەتە راپەرین و نارەزایەتیەکی فراوانی کریکاری و بزووتنەوەیی ژنانیشی خستبوویە پشتی سەری خۆی. بەلام بەژداری لینین و کۆمۆنیستەکان لە دەسەلاتداریەکی کرنسکی دا نەک زەمینەی بۆ شورشی کریکاری و سۆسیالیستی خۆش نەکرد، بەلکو ئەگەر وریایی و تیژ بیینی لینین نەبوایە و کۆمۆنیستەکان و چینی کریکاریی بەرەوو رەوەندیکی شورشگیرانە نەبردایە، ئەوا مانەوی زیاتری ئەوان لە (مەجلیسی موئەسەسان)دا دەولەتی بورژوازی کرنسکی بۆ هەمیشە دەچەسپاو ومستەقر دەکرد و زەمینەی شۆرشیش لەو کاتانەدا لەدەست دەچوو. لە دنیای ئەمرۆشدا نزیکترین تەجروبە لە هەلوەشاندەوەی چەند جار کابینەی مەجلیس و پەرلەمان، تورکیە بوو. جاری وا هەبووە بۆ چەندان مانگیش نە مەجلیس و نە پەرلەمان و نە هیچ جەناح و کابینەیکی بۆرژوازی و حیزبەکانی کارگیر نەبوون، لەگەل ئەوەشدا دەولەت و دامودەزگانانی بۆرژوازی و بانکەکان لە جیگای خۆیاندا بوون، بانک و دەزگاکانی پۆلیسی و میلیتاریستی توشی هیچ لەکار کەوتنیک نەبوون. دەمەویت باسەکە بینمە سەر ئەوە نەک لەبەر ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان لە پەرلەمان و مەجلیسدا نەبوون، بەلکو لەبەر ئەوەی کە پەرلەمان و مەجلیس لە پیشتی شورش وە توشی ئەو قەیرانانە نەهاتبوون. ئەگەر شورشیک لەوکاتانەدا هەبوایە، تەنانت ئەگەر سەرکوتیش بکرایە، بە ئاسانی تازە ئەگەر شانسی بهینایە بورژوازی، نەک دوای چەندان مانک و بی زیان، ئەوا دوای چەندان سال و بەزیانیکی زۆر گەورەوە دەولەتەکەی موتعارف و چەسپاو دەکردەوە.
شورشی کریکاران و خەلک چونکە شۆرشیکە ریک لە ریشەی نیزامی سەرمایەداری دەدات و دەسەلات و دەولەتی سەرمایەداری لە کۆمەلگادا لەکار دەخات پیش ئەوەی کە دەسەلات بگریت بەدەستەوە. مەرجی دەسەلاتی سیاسی و دامەزراندنی جمهوری سوسیالیستی لیدانی ریشەی سەرمایەداری و تیکشکاندنی هەموو دەزگاکانییەتی. تیکشکاندنی دامودەزگای بورژوازی مەرجی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتە. پیچەوانەی ئەوە کە سەرەتا مەجلیس و پەرلەمان و کابینەیەک کۆنترۆل کردن لەلایەن حیزبەوە و دوایی لەویوە شورش کردن، ئەفسانەیە. کە بەداخەوە دەبێت دوای وجودی بزووتنەوەی عەزیمی کۆمۆنیستی کریکاریی و

دنیایەک پراتیکی کۆمۆنیستی و دنیایەک نووسراوەی مارکس و لینین و مەنسور حیکمت، دەبیت ئەم جارە ئەم بۆچوونە ناو بنریت (ئەفسانەی مودیرنیزمی سۆسیالیستی). وەک ووتم بەداخەوە چوونکە ئەم بۆچەنە نەک لەمەکتەبیکی ئاکادیمی چەپی سوونەتییەوە بەلو لە حیزبیکی سیاسی کۆمۆنیستی کریکاریی دیتە دەرەوە کە هەر لە دەورانی مارکسیزمی شورشگیرەوە ئەو بۆچوونە هیچ جیگایەکی لە شورش، حکومەتی کریکاریی، جمهوری سۆسیالیستی، و دنیای باشتر نەبووە و نابیتەوە. کەچی کۆمۆلیک کادری سیاسی و کۆمۆنیستی بەدوای خویدا دەبات و حیکمەتیزم و ئالای حکومەتی کریکاریی و دنیای باشتر هەلدەگریت و لە ژیریەوە ئەوباسانە دەیەویت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاریی و رادیکالیزم و چەپ تەحمیلکات.
*شوورا و حیزب* باسیکی ترە لە کیشەکاندا کە هاوری سامان کریم چووەتەسەری و لەویوە لایەنگریی خۆیی لە جەناحی کۆرشی مودەرسی و حیزبی (مودرسینیزم) راگەیاندوە. پیش ئەوەی بچمە سەر ئەوباسە من خۆشحالم کە هاوری سامان کریم خۆیی لە دیفاع و لایەنگری باسی (مەجلیسی موئەسەسان) لاداوە و جیاوازی خۆشی لەگەل ئەو باسەدا بە شیوەیەک، هەرچەندە نارۆشنیش، راگەیاندوە.
باسی شوورا و حیزب و بەرخورد بە شووراکان باسی و تیروانینی یەکجار زۆر و جیاوازی هەیە لە بزووتنەوەی سوسیالیستی و چەپدا، لە هەموو میژووی چەپ و سوسیالیستەکاندا سەرباری جیاوازی و بەرخوردی حیزبی، شوورا موتەنەفی نییە و کۆمۆنیستەکانیش سەرباری وجودی حیزبەکەیان شوورا وەک شیوەیەک لە سازماندان و رابەری چینی کریکار و خەلک سەیرکردوە و وەک وەسیلەیەکی عەمەلیش هەمیشە لە سەردەمی شورش و راپەریندا شوورا ئۆرگانی ئەساسی بووە لە پیشبردنی سیاسەتی حیزب و قودرەتی حیزب.
شوورا نەک وە تاکتیک بەلکو سونەتیکی جیکەوتوو و سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بووە، شوورا خالی انتلاقی شورشی سوسیالیستی بووە. شوورا ئەو ئورگانە ئەساسیەیە کە حیزب لەو ریگایەوە کۆمەلگا سازمان ئەدات لانی کەم لە دەورانی شوورش و راپەریندا. بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کە بیەویت رابەریی چینی کریکاران و بەشی زۆری کۆمەلگا بکات بۆ هیدایەتکردنیان بۆ شۆرشی سۆسیالیستی و دامەزرانی جمهوری سۆسیالیستی، شوورا باشترین زەرفیەتە و میکانیزمە کە سیاسەتەکان و قودرەتی حیزب لە ریگایی ئەوەوە لە کۆمەلگادا مانا پەیدابکات، وە شورشی کۆمەلایەتیش ریکخراوانە لەژیر سیاسەت و ستراتیژی حیزب بەجیگایەک بگەیەنیت. بەلام بۆ حیزبیک شۆرشی سۆسیالیستی جیگای خۆی دابیت بە بزووتنەوەی (نافرمانی مەدەنی)، و جمهوری سوسیالیستی جیگایی خۆی دابیت بە (مەجلیسی موئەسەسان) شوورا نەک وەک تاکتیک بەلکو متەنەفیشە. خالی جیاوازی (مودرسینیزم) لەگەل کۆمۆنیستی کریکاریی و (حیکمەتیزم) دا ریک قودرەتی سیاسی و جمهوری سۆسیالیستدا یە کە هەموو مەسەلەکانی تر دەکیشیت بەدوای خویدا و لەسەر ئەو ئەساسە تازەکاریان بۆدەکات و نەزەری تازەیان بۆ دابین دەکات، خۆی ئەمەیە (ریفۆرمی ئایدئلۆژی)یە بەلام لەژیر ئالای حیکمەتیزمدا. چوونکە بەتەکید ئەو نەزەر و باسانە نەک ناتوانیت لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاریدا جیگایەکی هەبیت و حیزب بەدوای ئەو نەزەراتانەدا بەریت، بەلکو لەناو چەپیکی سوونەتی ایرانیشدا کە تەجرووبەی حیزبی تودە و چریکی ئەکسەریەتی نابیتە پشتی سەری ئەو باسە جیگای نابیت.
هاوری سامان کریم زۆر سادە چوەتە ژیر تیروانینیکی یەکجار بەرچاو و ناکۆک لەگەل کۆمۆنیستی کریکاریی و سونەتەکانی تائیستایی کۆمۆنیست لەوخالەدا و تەسلیم بە کۆرش و (مودرسینیزم) بووە. خەریکە کە شوورا لە بەرنامە و پراتیکی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریدا بسریتەوە و لەژیر بەهانەی ناعەمەلی بوونی شوورادا هاتوە میژووی حیزب و شوورا لە عیراق باس دەکات، نەک وەک تەجربەی دەورانییکی راپەرین و هەلومەرجیکی سیاسی تایبەت، بیداتە بەر باس. بەلکو هاتوە وەک کۆمەلیک ئەحکامی نەگۆر دەیەویت فەرزی کات بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاریی دا. هەرچەندە تەجرووبەی شووراکان و بزووتنەوەی شوورای لە عیراقدا ریک پیچەوانەی تیروانینەکانی هاوری سامان خۆیەتی و دواتر دیمە سەرباسی ئەوەش.
بەلام باسەکە ئەوەندە ئالۆز نییە و باسیکی تازە و تیۆریەکی تازەش بۆ حیزبیەت کەشف نەکراوە تا لەم باسە تازەدا شوورا جیگایەکی نەبیت، ئەوەی دەستی بۆ براوە لە لایەن کۆرشی مودرەسی یەوە شەریک بوونی قودرەت یان قودرەتی حیزب و تعریفی دەولەتی حیزبی لەریگای ئالوگۆری نا شورسگیرانە. لیرەوەیە شوورا موتەنەفییە و حیزب مەترحە، نەک لەودیدەوە کە حیزب وەسیلەیەکی سازمانتر و بەکارترە لە بەدەست هینانی قودرەتی کۆمۆنیستی. چوونکە بی شوورا و قودرەتی شووراکان لەو پەری هەلومەرجی شورشگیرانەشدا سیاسەتی مەجلیسی موئەسەسان و هاوبەشی لە کابینەی بورژوازیدا، بە بی ریگیری و بە بی

بەربەست، حیزب دەتوانیت ئەو سیاسەتە بگریت و عەمەلیش بکات، وە حیزب دەتوانیت دەولەت متعارف کات. دەنا بزووتنەوەی شوورایی لەکۆمەلگادا وەک بزووتنەوەیەکی رادیکال هەر هەیە، ئەگەر لە دەوورانی ئارام و نا شۆرشدا قودرەتی مانور و هاتنە مەیدانی نییە، خۆ لە دەوورانی شوورشگیریدا کۆمەلگا زۆر بە زوویی لەدەووری شووراکان شکل دەگریێت. ئەگەر شووراکان وەک بزووتنەوەیەکی بەهیزی کۆمەلایەتی وجودیان هەیە، بۆ سیاسەتی حیزب و باسی حیزب بۆ قودرەتی سیاسی موتەکی نابیت بەو بزووتنەوەیە؟ بزوونتەوەی (نافرمانی مەدەنی) کە بەبروای من بزووتنەوەیەکی بی پایە لە دەورانی شورشدا و هیچ حیزبیکی کۆمۆنیستی کریکاریی ناتوانیت لە پشتی ئەو بزووتنەوەیە بگات بە قودرەتی سیاسی و جمهوری سۆسیالیستی پی بەدیبهێنیت، باشە بۆ دەبیت باسی ئەساسی حیزب بۆ قودرەتی سیاسی لە دەوری ئە بزووتنەوەیە شکل بگریت و حیزب بەویدا بەریت ؟ ... بۆ دەبیت شوورا و بزووتنەوەی شوورایی جیگای خۆیان بەدەن بە و بزووتنەوەیە ؟ ئەمە پرسیاریکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دیفاع لەو نەزەریە دەکەن و دەیانەویت مەنسووری حیکمەت و کۆمۆنیزمی کریکاریی بەرنە ژیر ئالای (مودرسینیزم) دەبیت پیش ئەوەی بەهانە و فاکتی بۆ بهینەوە بۆ ئەوەی وەلامیکی لی درووست کەن، برۆن ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن. هاوری سامان کریم تۆش ئەو پرسیارانە لە خۆت بکە و باش وایە پیش ئەوەی دەسبەیتە قەلەم و بتەویت هاوریێیانی حیزبی و یان بەخەیالی خۆت کۆمەلگای پی رازیکەیت و بزووتنەوەی چەپ بهینیتە ژیر چەتری ئەو نەزەریە، خۆت بگەیەنە بە بروای تەواو و گشتی بە خەیالیکی ئاسودەوە یان خەت بینە بەسەر رادیکالیزمی خوتدا و بە گشتی برۆ ژیر نەزەرەکانی کۆرەش و ئالای (مودەرسینیزم) بەرزکەرەوە، یان خۆت لەو هەمووە نارۆشنیە نەجات بەو و وەک کەسیک کە میژوویەکت لەگەل بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاریدا هەیە، لەپال ئەو لایەنەدا بوەستە کە ناهیلیت ئالای مەنسوور حیمکەت و کۆمۆنیستی کریکاریی بیٚ حیزب و خەت بمینیتەوە. بەبروای من و سەدان هەزار کۆمۆنیستی کریکاریی تر ، <u>ئیستا</u> جەناحی کۆرشی مودرسی نییە.

*بزووتنەوەی (نافەرمانی مەدەنی)* چۆن مانایی پەیداکرد لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی ئیرٚاندا و کام خەت و کام جەرەیانی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبی سیاسی ئەم واژەیان هیٚنایە ناو سیاسەتەوە و میژووی ئەم واژەیە لە کۆیوە هاتووە و چۆن بە سرعەت بوو بە ئالا و پەرچەمی جەناحیک لە ناو بەهیزترین حیزبی سیاسی و کۆمۆنیستی کریکاریی مەنتیقەکە و زۆر ئەفساناویانە خەریکە ببیٚت بە وەسیلەی چوونە سەرەوەی کۆمەلیک "کۆمۆنیست" یان "حیزبیکی کۆمۆنیست"، و بیانگەیەنیت بە کابینەی دەولەتی و سەرەنجام لەویوە سۆسیالیزم، ئەوە باسیکی ترە و وازی لیدینم. بەلام ئەوەی کەدەمەویت ئەو مانا و مفهومی ئەو ووشە بگەرینمە سەر جیگای واقیعی خۆی دەبیٚت بلیم بە بروای من بزووتنەوەی (نافەرمانی مەدەنی) هەمان مانا و مفهوم و لە جەوهەریشدا هەمان بزووتنەوەی (ریفۆرمیستییە) و لە پیٚناوی ئالوگۆریکی ریفۆرمیستانە لە کۆمەلگادا کاردەکات و میژوویەکی هیجگار دوورتریشی هەیە لەوەی کە پیمان وایە بزووتنەوەیەکی نۆی و ئارمان و هیوایەکی نۆییە و گوایە ئیستا جەناحیک خەریکە کەشفیکی موهیم دەکەن و لەو ریگایەوە کۆمۆنسیتی کریکاریی و سونەتەکانی مۆدیرنیزم تر دەکەوە. ئە باسە لە ئەساسدا پوچە. چوونکە بزووتنەوەی ریفۆرمسیتی لە چوارچیوەی سستەمیکی ئابووری و سیاسی چەسپاودا مانای هەیە و ئەوەندە کارگەریی لەسەر دنیای خۆیی دەبیت کە بتوانیت ئالوگۆرەکان تەنها لەو چوارچیوەی دیاریی کراودا بەدیبهینیت. باسی ریفۆرم و بەرنامەی لانی کەم یان خواستە فەوریەکان هەمیشە جیگای باس بووە و دەورانیکی زۆریشە تەنانەت کۆمۆنیستی کریکاریی چوار چیوە و خواستەکانی بە روونی لەبەرنامەی دنیایەکی باشتر دا باسکردەوە. ریفۆرم ئەگەر بە یەک ووشە بگۆریت و لە جیگایی (نافەرمانی مەدەنی) داینیٚیت، کە لە بنەرەتیشەوە هەمان واتای هەیە. ئەوکاتە زۆرتر رۆشن دەبیتەوە کە کۆرشی مودەرسی و (مودەرسینیزم) چەند جیاوازیەکی یەکجار نەک سوونەتی بەلکو فکریشیان لەگەل مەنسوور حیکمەت و دنیایەکی باشتر هەیە. رەفزکردنی شوورا و دەستگرتن بە بزووتنەوەی ریفۆرمیستی مودرین نەزەریەیەکە کە خەریکە لەژیر حیزبی بووندا و بەناوی هەقی تقدم بە حیزب پاساو دەکریٚت. بەلام ئەم باسە یەکیک لە باسە بنەرەتیەکانی کۆرشی مودەرسی بۆ دەرهینانی بەڕەی رادیکالیزم و سونەتی شوورایی و شۆرشگیری لە ژیر پیٚی کۆمۆنیزمی کریکارییدا. هاوری سامان کریم و هەر هاورییەکی تری رابەری کە باسی حەقی تقدمی حیزب بەسەر شوورا بکەن، ریک بیٚ ئاگایانە تەسلیم بە ریفۆرمیست بوون جا گرنگ نییە ئەو ریفرمسیتییە چەند مۆدیرن بیٚت. قەتعەن بزووتنەوەی ریفۆرمیستی ئەم سەردەمە لەسەر ئەساسی خواست و مەیلی ئینسانە کانی ئەم سەردەمەیە و دەبیت مودیرن بیٚت. بەلام سەیر ئەوەیە لەم سەردەمەدا کۆمەلیک "کۆمۆنیست" پەیدادەبن کەخەریکە هەمان ویٚنە لە شۆرشی سۆسیالیستی و جمهوری سۆسیالیستی دەدەن کە بۆرژوازی خەریکە لییدەدات. هاوریان بۆ ئەوەی باشتر روون بیتەوە باسەکە، ئیوە پیتان وایە جمهوری سۆسیالیستی و شۆرشی سۆسیالیستی و دەسەلات و حکومەتی کریکاریی

و دەسەلاتی شوورایی مودیرن تر نییە لە هەموو حکومەتەکانی تا ئیستای بورژوازی ؟ ئەگەر پیتان وانییە بەروونی باسی بکەن، ئەگەر پیشتان وایە بە چ دەلیلێک خەریکە شۆرشی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی شوورایی دەدەن بە بزووتنەوەی (نافرمانی مەدەنی) یان بزووتنەوەی ریفۆرمیستی.؟ یان بەراست پیتان وایە کە هەموو ئەوانە ناکۆکی لەگەل حیزبی بوون و دەسەلاتی حیزبدا هەیە ؟ ئەگەر وایە دیسان بۆمان روونکەنەوە، ئەگەر وانییە بۆ خەریکە بەدوای بزووتنەوەیەکی ریفۆرمیستی دەرون و ئالای کۆمۆنیزمی کریکاریی تەسلیم بە (مودەرسینیزم) دەکەن. مەگەر لە دەزگایی فکریی کۆمۆنیستی کریکاریی و مەنسوور حیکمەت حیزب ماشین و وەسیلەی شورشی سۆسیالیستی و جمهوری سۆسیالیستی و حکومەتی شوورا کریکاریی نەبوو.

*تەجروبەی بزووتنەوەی شوورایی عیراق* لەم بەشەدا هەولدەدەم کە بەکورتی بیمە سەر ئەو باسە کە بۆ باسی هاوری سامان کەریم لەسەر تەجروبەی شووراکان و بزووتنەوەی شوورایی پیچەوانەی ئەو باسەیە کە کردویەتی. ئەگەر پیوویست نەکات ناچمە سەر دیر و پەرەگراف، و هەولدەدەم کە بە گشتی لەسەر میتۆد و نەزەری ئەسلی هاوری سامان قسە بکەم. لەو نووسینەدا تەجروبەی شووراکان بە مەنفی و ریگایەکی مەنفی بۆ قودرەتی سیاسی باسدەکات، هەلبەت مەنفی بەمانای نا عەمەلی بوونی شووراکان لە ئالوگۆری سیاسی و شورشگیرانە و گەیاندنی کۆمۆنیزم بە جیگای خۆیی دەلیم. ئەگەر ئەوباسە خۆینەریکی چەپ بیکردایە وەلامی پیوویست نەبوو، بەلام بۆ کۆمۆنیستیک کە لانی کەم لە هەموو ئەو ئالوگۆرانەدا نەک ئامادەبووە بەلکو هەلسوراویکی ئەومەیدانانەش بووە، دەبوایە بەروونی واقیعەتی میژوویی و هەلومەرج و جیگای شووراکانی لە کۆمەلگادا بایەتە بەر باس. چوونکە بۆ کەسێک کە نەفی بزووتنەوەی شوورایی دەکاتەوە یان باسەکەیی ئەوەیەکە شکستی شوورا دەبیتە معادەلەیی نەفی شوورا، تازە نەک بۆ کۆمۆنیستێک بەو دەلیلە خەتیک بێنیت بەسەر پایەی ئەسلی بزووتنەوەکەی خویدا، دەبیت باسی ئیسپاتی و نەزەریش بدات و روونی کاتەوە کە بۆ دەبیت شکستی بزووتنەوەیەک لە دەروونی خودی ئەو بزووتنەوەیەدا لیکبداتەوە و باسەکە دەورخاتەوە لە کۆمەلگاو و هەلومەرجی سیاسی و جیهانی و ناوچەیی و تەنانەت شوورا لە کیشمەکێش لەگەل بزووتنەوەکانی تردا نەدید بگریت. ئەمانە ئەو خالانەن کە هاوری سامان کەریمی وا لیکردوە کە لە لە کۆمەلگاو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان دابریت و یەک راست بچیتە سەر ئەوەی زۆر ووشک و دوگماتیزمانە لە نەتیجەوە بۆ هەر کاریکی بزووتنەوەی شورشگیرانە و هەر بزووتنەوەیەکی تری کۆمەلکا بروانێت. لەم دیدگایەدا دەبیت نەک بزووتنەوەی شوورایی کوردستان و عیراق خەتی بدرێت، بەلکو شورشی کۆمۆنارەکان و شوورا کریکاریەکان و شورشی ئۆکتۆبەریش خەتبدریت و نەفی بکریتەوە. دەشزانم کە هاوری سامان کەریم ئەوە نیەتی نییە کە خەت بەسەر هەموو ئەمانەدا بهێنیت، بەلام ئەو کەوتۆتە ناوباسیک کە ئەمە میتۆدەکەیەتی.

هاوری سامان باس لەوە دەکات کە شوورا شکستی خوارد و هەقی تقدم بە حیزبە و لەوێوە دەیەویت تەجروبەی شکستی شووراکان بکاتە باسیکی نەزەری و دیفاعی پیبکات لە خەتی (مودەرسینیزم) و بۆ جیگاخستنی بزووتنەوەی (نافرمانی مەدەنی) یان باشتر وایە بلیین ریفۆرمیستی مۆدیرن لە جیگای دەستگرتن بە بزووتنەوەی شوورایی بۆ دەسەلاتی سیاسی. هاوری سامان باسێکی ریک خستوە ناچارم نەک لەسەر ئەساسی تەنها تەجروبەی شووراکان قسەبکەم بەداخەوە دەبێت دیسان باسێکیش لە تەجرووبەی نەزەر و پراتیکی (مەجلیسی مەئەسەسان) و هاوبەشی لە دەسەلات و کابینەکانی دەولەتی بۆرژوازی بدەم کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق نەک وەک تەشکیلات بەلکو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکارییش بەعەمەلی چەندسالیک لەمەوبەر باجەکەی دا، ئەویش (هەلبژاردنی شارەوانییەکان) بوو. ئەویش نەک لەبەر ئەوەی لەو هەلبژاردنانەدا حیزب شکستی هینا لەرووی ژمارەوە لەبەرامبەر ناسیۆنالیزم و بۆرژوازیدا، هەرکەسێک ئەوباسە بەریێتەوەسەر ئەوە کە حیزب هاتە دواوە بۆ دەورەیەکی زۆر و زەربەیەکی کەورەی لیکەوت بە خاتری ژمارەکان و نەبوونی نفوز، هەلەیەکی گەورەی کردەوە وەک هەلەکەی هاوری سامان و باسەکەی لەسەر شووراکان. چوونکە دەسەلات و قولدریی و بی پرنەسیبی ناسیۆنالیست، وە دەزگایی میدیا و پۆلیسی و عەسکەریی و تەنانەت کۆنترۆلی سندوقەکانیش هەموو ئاشکرابوون. شتێک کە من دەمەویت بلیم ئەوەیە هاتنەو دواوەی حیزب لەسەر ئەساسی نەتیجەی هەلبژاردنەکان نەبوو، بەلکو لەسەر ئەساسی ئەو نەزەریە بوو کە ئیستا کۆرشی مودەرسی بە سەنەد و پلاتفۆرمی رۆشنەوە ئالا هەلگریەتی. ئەو کات حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق تەجروبە کرد.

بزووتنەوەی شوورایی کاتێک پیی نایە ناو کیشمەکیشەکانی کۆمەلکا و هاتە مەیدان، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاریی حیزبی نەبوو، بیجگە لەوە ئەو بزووتنەوەیە لە نیوان فشاری بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و راستی کۆمەلگا لەلایەک. وە باسی فیرقەیی گروهە چەپەکانی ئەوکات و نارۆشنی رابەرانی بزووتنەوەکە و نەبوونی یەک پلاتفۆرمی رۆشن و یەک رابەری بەتوانا و

هەلومەرجی جیهانیش لاکەی تری،  شوورا تووشی شکست هات. بەلام شکستی شووراکان مانای شکستی کللی ئەو بزوتنەوەیە نەبوو. شوورا و بزووتنەوەی شوورایی بوو کە توانی بۆیەکەم جار لە میژووی کوردستانی عیراقدا سابتی کات کە جمهوری سۆسیالیستی ئیمکانی هەیە، دەسەلاتی سۆسیالیستی واقیعیەتی هەیە. دواتر بزووتنەوەی بیکاران و ژنان هەموو تاسیری راستەوخۆیان هەبوو بەسەر گۆرانی کۆمەلگا بە نەفعی چەپ و سۆسیالیزم. دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و کۆمۆنیزمی کریکاریی یەکێک لە میکانیزمە بەهیزەکانی کە توانی لە رۆژانی یەکەمی درووست بوونیەوە مەحکەم پیبخاتە ناو کیشمەکیشەکانی کۆمەلگا، تەجروبەی شووراکان و خۆبەخاوەنی ئەو بزووتنەوەیەو سوونەتەکانی بوو. وە دواتریش هەلسوراوان و رابەرانی شووراکان بوون کە هاتنە ناو حیزب و لە ئاستی رابەریی حیزبدا خەریکی تەعقیبی هەمان هەدەفی بزووتنەوەی شوورایی و دەسەلاتی شوورا و حوکومەتی کریکاریی بوون. ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لەهەر کاتیکدا بەجیاش لەوەی رابەری نەزەری چییە و خەریکی چ فیرقەگەریکە، هەمیشە حیزب بەلایی رادیکالیزم و چەپدا رۆشتووە ئەوە مەسئەلە ئەوە نەبووە کە فیرقەیەک یان چەند فیرقەیەکی رادیکال سوکانی حیزبیان بەدەستەوە بووە. بە پێچەوانەوە ئەوە بەشی خوارەوەی حیزب و کادرەکان و مانەوەی سوونەتی رادیکال و سوونەتی شوورایی و سۆسیالیستی و سوونەتەکانی مەنسوور حیکمەت بووە. ئەمرۆ وا خەریکە  ئاشکرا هەمان رابەری، و هەمان فیرقەی رابەری، حیزب بە جیگایەکدا دەبەن کە پیچەوانەی سیاسەت و خەتی کۆمۆنیستی کریکارییە. ئەوەتانی یەکەمین هەلویستی ئاشکرا لیدانی سوونەتی شوورایە. چوونکە رابەری حیزب دەزانیت بە وجودی ئەو سوونەتە و نوینەرانی ئەو سوونەتە لە ناو حیزبدا، هەروا بە ئاسانی رابەری لە توانایدا نابیت کە حیزب بکاتە ئالاهەلگری خەتیکی تر.
من دەمەویت لەسەر ئەو باسە قسەکانم زیاتر کۆکەمەوە و دواتر چەند پرسیاریکیش ئەگەر بکریت لە هاوری سامان کەریم بکەم.
بەبروای من میژووی پرشنگ داری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاریی لە کوردستاندا، بزووتنەوەی شوورایییە باسکردن یان نووسینەوەی میژووی کۆمۆنیستی کریکاریی بەبی بزووتنەوەی شووراکان نە واقیعی و نە پرشنگدارە. هەرکۆمۆنیستێک کە لە وەلامی ئەوەی کە چیتان کردووە حیزبەکەی ئیوە، سنگ دەرنەپەرینیت  و باسی کارنامەی حیزب و کۆمۆنیستی بکات بەبیٚ بزووتنەوەی شوورایی و بەبیٚ بزووتنەوەی ژنان و بیکاران، وەلامەکەیی لە وەسفی فلانە کەسی رابەری و فیسارە کەسی رابەری و ئەوپەری فشار بینیت بۆ خۆی لە باسی تەتەوری تەشکیلاتی حیزب هەنگاویک ناروات بەولاوە. هەرکۆمۆنیستیکیش کە لە وەلامی ئەوەی کە دەتانەویت چیبکەن. کەمتر لە دەسەلاتی سیاسی و جمهوری سۆسیالیستی، لە ریگای شۆرش و راپەرینەوە، وەلام نەداتەوە، شکستیکی گەورەیە. و دەبیت سەر لە هاوبەشی کابینەی حکومەت و مەجلیسی موئەسەسانەوە دەربهینیت.
دیمە سەر پرسیارەکان و بە هیوام بە خەیالیکی ئاسودەوە وەلامەکانت لیوەرگرمەوە هاوری سامان.
بەبروایی تۆ تەجروبەی بزووتنەوەی شوورایی نوقتە قوەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاریە لە عیراقدا، یان ئەو تەجروبەی کە حیزبی برد تا بەردەم سندوقی هەلبژاردنی شارەوانیەکان ؟
بزووتنەوەی شوورایی دەسکەوتی زیاتر بوو، وە ئیستاش هەیە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی، یان تەجروبەیی چوونە ناو کابیەنەی بۆرژوازی، کامیان بە هەر نەتیجەیەک کە هەیبوایە قورسایی دروست کرد و هەتا ئیستاش هەیەتی لەسەر حیزب؟
من لەم بەشەدا تا ئیرە بە کافی دەزانم بۆ دروست بوونی پلمیکێک. لەسەر ئەو باسانە و بە هیوام کادران و ئەندامان و کۆمۆنیستە کریکاریەکانی عیراق  رادیکالیزمانە بە پلمیک و باسی سیاسی و عەمەلی و کۆمۆنیستانەدا برون. بەپیی هەرتوانایەکیان کەهەیانە شیلگیرانە بەرگری و دیفاع لە کۆمۆنیستی کریکاریی بکەن و رابەری حیزب لەسەر ئەساسی سوونەتیکی مودیرنیستانە بینە ژیر فشار و نەهیلین رابەری ئالای کۆمۆنیزمی کریکاریی و مەنسوور حیکەت دانییٚت، بەخاتری دیفاع لە جەناحیک و دەستبردنەوە بۆ سوونەتی فیرقەیی. پلیمیک و ئەختلافی سیاسی و نەزەریی و ئۆسولی دەبیت بە ئاقاریکادا بروات کە کۆمۆنیزمی کریکاریی و مارکسیزمی مەنسوور حیکمەت و شۆرسی کریکاریی و دەسەلاتی سۆسیالیستی و شووراکریکاریەکان بکات بە ئالای حیزب، و حیزبیەتی کۆمۆنیستی کریکاریی بەو میکانیزمانەوە بەریتەشەریکەوە کە کۆمەلگا لە چنگی چارەنووسی رەشی بۆرژوازی کۆنەپەرستدا، دەربینیت.

من ئەگەر پیووست بکات لە بەشەکانی تردا دەچمە سەر باسی (نەزەر و پراتیک)، سوونەتی فیرقەیی و بریاریی و ئاکامی بریاریی رابەریی حیزبی عیراق و بەرخوردی ئوسولی و حیزبی بە موخالیفان وە دەچمە ناو باسەکەی هاوری سامان کەریم و

وەلامەکانی بە نامەی هاوریانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران. وە وەک یاداوەریەکیش پیویستە ئیشارە بە سوونەتی بەرخورد بە موخالفینی ناو حیزب کە رابەریی حیزب لە ژیر ناوی ئەنتی رابەریدا بە بەکادران و فراکسیۆنەکانی دەروونی خۆیی دەکرد، و ئیشارەیەکیش بە ئۆلتیماتی حەفتاو دوو سەعات و بریاری دەرکردنی هاوری نادر عبدلحمید، وەک بەشیک لەسوونەت و ئۆسلی بکەم. و باسی دیفاع لە ئوسول و ئیسفادە لە پۆستی رابەری کە هاوری سامان بە سوونەتی کۆمۆنیستی نازانیت لەبەرخورد بە جەناحی کۆرشدا و ئیستا لەویوە خەریکە خۆی و رابەری بە خاوەنی سوونەت دەزانیت و لە خەرقی مەبنایی سازمانیەوە، خەریکە هەقانییەتی کۆمۆنیست بوونی خۆیان بەیان دەکات، بەداخەوە دەبیت بلیم ئەگەر کۆمۆنیست بوونی حیزبیک و جەناحیک لەسەر ئەو ئەساسە موازەنەبکریت،بەرخورد بە ئەندامانی فراکسیۆن. وە هەروەها نادر عبدلحمید لە و لە تەواوبوونی کاتی ئۆلتیماتۆم و سەعاتی سفریشدا  نەک بە (خدا خافز رفیق) و موئەدەبانە کۆتایی هینان بە ژیانی حیزبی ئینسانیک، بەلکو بە یەکەمین بەیانامەی تەوهین ئامیز و (بایی بایی) و بەبی هیچ پلیمیکیکی سیاسی و ئوسولی لەپەنجەرەی حیزبەوە کرایە دەرەوە. کەچی هاوری سامان و رابەری کە ئەمە سوونەتیان بووە لە بەرخورد بە ئەندامانی خۆیان، ئیستا خەریکە باسی سیاسی دەکیٚشنە خوارەوە بۆ ئاستی ئەو باسانە.

بەلام بە پیوویستیشی دەزانم کە ئیستا بە هاوری سامان کەریم بلیم مەسەلەی (خدا حافز رفقاه) ریک نەک قسەی هاوری مەنسوور حیکمەت بەلکو عینوانی مەقالەیەکە کە مەنسوور حیکمەتە کە لە دواین ساتەکانی جیابوونەوەی هاوریانی سالی 1999 نووسیی و بەو دیرە سەرمەقالەکەی دەسپیکردوە. بۆیە ئەو دیرە لە دیفاع بە حیزب و دواین مالئاوای مخالفینی پیکرد وە لە دەرگاری پلمیکی سیاسییەوە بە ریٚیکردن. هاوری مەنسوور ئەو دیرەی بۆ چەند هاوریەک نووسی کە زۆربەیان هاوریی ژیانی سیاسی و حیزبی دەورانیکی زۆر دووری بوون. بۆیە باش وانییە هاوری سامان کەریم دەقیقەن بیگریت بەو دیرەوە و ئەو دیرە بە مانایی کەلیمەیی نەک مەفهومیشیەوە بینیتە ژیر باس و خەریک بیٚت تەنها لەویوە هەموو کۆمۆنیست بوونی هاوریانیک کە ئەمرۆ هەمان دیریان دووبارە کردوتەوە بە جەمعیٚک کە حیزبیان جیهیشتوە. وە بە خەرقی حیزبی و ئوسولی و ئینسانی، باتە بەر باس. ئەو بە بۆچوونی خۆی نووقتەیەکی گرتووە کە عەینەن بە حونجەی کلیماتیشەوە دەرواتە شەر و لایەنگری لە جەناحیٚکی پیدەکات کە ئەو دیرەیان پیوتراوە و گوایە لە ژیر شعاری ئەوە کە سوونەتی مەنسوور حیکمەت نییە خەریکە دەچیتە ناوباساسیٚکی سیاسی. باسیٚک نەک میژووی دەگەریتەوە بۆ دووسال و پلینومی 16 بەلکو میژووی دەگەریتەوە بۆ سەردەمی سالانی جەنگی جیهانی لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە روسیە. لەنووسینەکانیەوە دلنیابووم کە نەک نەیزانیوە کە ئەوە دیری مەنسوور حیکمەتە بەلکو لەوەناچیٚت کە ئاگاشی لە نوسراوەیەکی واش بیٚت، کە هاوری مەنسوور بەو ناوە (خدا حافیز رفقاه) نووسیبیٚتی، دەنا  بە دژایەتی لەو  دیرەوە نە دەچوویە شەری سوونەت، ئەویش شەری سوونەتی مەنسوور حیکمەت. پیشنیارم ئەوەیە نەک هاوری سامان کریم بەلکو هاوریانی رابەری عیراق و هاوری کۆرشی مودرسی و هاوری حەمیدی تقوایی ش بیخوینەوە دەیان جاریی تر. چوونکە بۆ ئەم دەورانە زەروورەتە بۆ هەردوو جەناح کە دەیانەویت دەست بە سوونەتی کۆمۆنیزمی کریکارییەوە بگرن. بەهیوام هاوری سامان کەریم و هەر هاورییەکی تر ئارام و مەتین  بچینە پلمیکی سیاسی، و خۆیان لە جوملەی ناسیاسی و ئیحساساتی و هوشداردان بەیەک بپاریزن. کە بە تایبەت لە نووسینی دوایی وە لە وەلام بە محسینی براهیمی بە ئاشکرا دەبینریت. چوونکە بۆ کۆمۆنیستیک کە ئەمرۆ چارەنووسی کۆمۆنیزمی کریکاریی بۆ گرنگ بیت و بیەویت دەوری لە هینانەدەرەوەی کۆمۆنیستی کریکاریی لەم قەیرانەدا هەبیت، نەک دەبیت بە ئینسافەوە قەزاوەت بکات و بدویت. دەبیت زۆر ووشیاریش بیت کە جەبهە لەسەر ئەساسی باسی ئیحساسات  بە حیزب و سیاسەت نەبەستیت. لانی کەم ئینساف و ئایندەیی کۆمەلگایی  ئینسانی بەرەو سۆسیالیزم، وەبناغەی سۆسیالیزم ئینسانە، و سۆسیالیزم بزووتنەوەی گیرانەوەی ئیرادەی ئینسانە، هەموو ئەمانە سوونەتی مەنسوور حیکمەتە و دەتوانریت بۆ هەر مەسائیلکی سیاسی بکریتە بنەمایەکی فەلسەفیی قول و پراتیکیٚکی شۆرشگیرانە و لەویٚشەوە نەک جەناح و حیزب بەلکو هەموو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانیشی پی بناسریت. وباسی ئایندەیی ئینسانیشی لیبکەویتەوە بە رەوەندیکی شۆرشگیرانە.

2004-09-03